هونەرمەند محەمەد عەباس بارام کۆچی دواییکرد

ئەمڕۆ پێنجشەممە،هونەرمەندی گۆرانیبێژ محەمەد عباس بارام، بەهۆی نەخۆشییەوە لە نەخۆشخانەیەکی وڵاتی ئوردن کۆچی دواییکرد.

بە درێژایی تەمەنی هونەریی، تەنها ٣٠ گۆرانیی گووت، لەگەڵ ئەوەی ژمارەی گۆرانییەکانی کەمن، بەڵام هەر گۆرانییەکی، وەک یادەوەرییەکی لەبیرنەکراو لە خەیاڵەدانی هەر کوردێکدا دەمێنێتەوە.

ڕەنگە کەم کەس هەبێت، بەدیار گۆرانییەکانی "توڵە مەبە خۆت زیز مەکە" و "ئاگرێکی بە خۆڵەمێش"ـەوە چێژی لە هونەرێکی باڵا نەبینیبێت.

محەمەد عەباس بارام، لە ساڵی ١٩٥٢ لە شاری کەرکوک و لە دایک و باوکێکی خەڵکی سلێمانی، هاتووەتە دنیاوە، ساڵی ١٩٦٦ بەشی موزیکی پەیمانگای هونەرە جوانەکانی بەغدادی تەواوکردووە، لە ١٩٨٥ ەوە بڕیار دەدات کوردستان بەجێبهێڵێت و نیشتەجێی وڵاتی سکۆتلەندا بووە.